# باخۆمان بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (140) ئامادە بکەین

**شەمامکی**



جێبەجێکردنی ماددەی 140 زامنی ئاشتی و پێکەوەژیانە

دوای روخانی رژێمی بەعس و پێکهێنانی ئەنجومەنی حوکمرانی لەعێراق و پەسندکردنی یاسای بەرێوەبردنی ئیدارەی دەوڵەت بۆقۆناخی گواستنەوە، کە بەهۆیەوە پێکهێنانی حکومەتی کاتی بەسەرۆکایەتی دکتۆر ئەیاد عەلاوی پێکهێندرا، کەماددەی (58) لەیاسای ئیدارەی دەوڵەتی عیراق تایبەت بەشاری کەرکوك و ناوچە بەعەرەبکراوەکانی تری کوردستان دەبوایە جێبەجێ بکرێ، کەلەسەردەمی حکومەتی کاتی دکتۆر ئەیاد عەلاوی دواخراو جێبەجێنەکراو بۆحکومەتی دوای خۆی جێهێلرا، دواتریش واتە لەسەردەمی حکومەتی (جەعفەری)یش بۆقۆناغی گواستنەوە ئەو بریارە نەك هەر جێبەجێنەکرا، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەندێك لەو عەرەبانەی لەگەڵ روخانی رژێمدا، بەهۆی هەبوونی پلەی بەرز لەحزبی بەعس و بەشداریان لەئازاردانی خەڵك هەڵاتبوون و گەرابوونەوە ناوچەکانی خۆیان ناوە ناوە بەمەبەستی سیاسی و جۆراوجۆر دەهێنرانەوە کەرکوك، پاش ئەوەی ئەو بریارە دووبارە لەدەستووری هەمیشەیی عیراقدا دەقنووسکرایەوە، کەبەماددەی (140) ناسراوەو تایبەتە بەئایندەی ئەو شاروشارۆچکانەی کەکەوتوونەتە بەر پرۆسەی بەعەرەبکردن و راگواستن و گۆرینی پێکهاتەی نەتەوەیی و کێشەی لەسەرە، وەك( کەرکوك، خانەقین، شەنگاڵ، مەخموور،..هتد)، کەلەراپرسی خەڵکی عیراق بریاری لێدراو دوامۆڵەتی جێبەجێکردنی تا(2007/12/31)ی بۆدانرا، کەدەبێ لەوماوەیەدا (دۆخی شارەکەو ناوچەکان ئاسایی بکرێنەوە، ئینجا سەرژمێری گشتی تێدا ئەنجام بدرێ، دواتر راپرسییەك لەوناوچانەی کەکێشەیان لەسەرە، بە دیاریکردنی ویستی هاوڵاتیانی کە ئایا دەیانەوێ بگەرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان یان نا، کۆتایی دێت.

هەروەك لەماوەی (2) مانگی رابردوو، دوای چەندین هەوڵ، حکومەتی عیراق لیژنەیەکی باڵای وەك میکانیزمێك بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (140) پێکهێنا، ئەم لیژنە باڵایە لەلایەن (هاشم الشبلی) وەزیری دادی عیراقی سەرۆکایەتیی دەکرێت و نوێنەری سەرجەم پێکهاتەکانی تێدایە.

ئەم لیژنەیە تائێستا چەند لیژنەیەکی فەرعی پێکهێناوەو بریارە چەند ئۆفیسێکی تایبەت لەشارەکانی کەرکوك و خانەقین و شەنگال بکاتەوە.

لیژنەکە ئێستا دەستبەکارەو لەسەرەتای جێبەجێکردنی پرۆسەکەیەو چەند رۆژێك لەمەوبەر سەردانی شاری کەرکوکی بەمەبەستی جێبەجێکردنی ماددەی (140)ی ئەو یاسایە لەگەڵ پارێزگارو ئەنجوومەنی پارێزگای شارەکە کۆبۆتەوە.

جێبەجێکردنی ماددەی (140)، (3)سێ قۆناغی بۆدیاریکراوە، ئەوەی مەبەستی نوسینەکەی ئێمەیە، قۆناغی یەکەمە، کەئاسایکردنەوەی بارودۆخی شاری کەرکوك و ناوچە دابراوەکانی تری کوردستانە، ئاسایکردنەوەکەش (3)سێ هەنگاوی بۆ داندراوە: (هەنگاوی یەکەم، گەرانەوەی ئاوارەکانی کەرکوك بۆ زێدی خۆیان. هەنگاوی دووەم، گێرانەوەی عەرەبی هاوردە بۆشوێنەکانی پێشوویان. سێیەم هەنگاو، گەراندنەوەی قەزاو ناحیە دابراوەکانە بۆ سەر پارێزگای کەرکوك و شوێنەکانی تر).

ئەوەی لەماوەی رابردوو بینراوە بەتایبەتی لەگەڵ نزیکبوونەوەی کاتی جێبەجێکردنی بریارەکە، بارودۆخی شاری کەرکوك زیاتر لەشوێنەکانی تر لەلایەن هەموو لایەکەوە چاوی تێبراوە، هەروەها یەکێك لەخاڵە لاوازەکانی عیراق بەگشتی و کەرکوك و ئەوناوچانەی کێشەی لەسەرە کەرژێمی روخاوی بەعس و رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق لەساڵی (1921) بەدواوەو لەماوەی (83)ساڵی رابردوو کاری زۆریان بۆ گۆرینی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی ئەو شوێنانە کردبوو، بەتایبەتی بەهۆی باڵادەستی نەتەوەو مەزهەبێکەوە بەسەر سەرجەم نەتەوەو مەزهەبەکانی ترەوە سەپاوەو کێشەکانی ئەو ناوچانەی واقوڵکردۆتەوە کەهیچ نەتەوەو مەزهەبێك بەیەکەوە هەڵناکەن و هەرکاتێك بۆیان بلوێ بەردەبنە گیانی یەکتری کەمێژووی ئەو وڵاتە پرە لەکارەساتی جەرگبرو خوێناوی، بەتایبەتی شەرە مەزهەبیەکان.

تیرۆریستان و ئەو هێزانەی لەجێبەجێکردنی ئەو بریارە بەشێوەیەك لەشێوەکان وەك خۆیان ئاماژەی پێدەکەن، زەرەرمەند دەبن بەپشتیوانی هەندێ هێزو دەوڵەتی دراوسێی عیراق و بوونی فشارو کاریگەری زۆرو دەستێوەردانیان بۆتێکدانی بارودۆخی کەرکوك و ئەو ناوچانە، هەوڵەکانیان بەشێوەیەك چرکردۆتەوە، کەهەوەکو بینیمان لەماوەی رابردوو چەندین کاری خۆکوژی دژ بە خەڵکی سڤیلی ئەو شارەو هێزەکانی پۆلیس و بارەگای حزب و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان، کەئەمەش لەلایەن تیرۆریستان و پاشماوەی بەعسییەکان و هەندی حزبی تورکمانی و مەزهەبی، کەهەریەکەیان بەبیانوو مەبەستێك هەوڵەکانیان خستۆتەگەر کە تەنیاو تەنیا مەبەستیان لەباربردن و دواخستن و جێبەجێنەکردنی ئەو بریارەیە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە خاووخلیسکی و خەمساردی تاکو ئێستای حکومەت و دەسەڵاتدارانی عیراق لەجێبەجێکردنی ئەو ماددەیە، باشترین نموونەی ئەو گرفتانەن کەتاکو ئێستا رووبەرووی ئەو یاسایە بۆتەوە، سەرەرای ناتەبایی نێوان نەتەوەکانی کەرکوك و بوونی کێشەی مەزهەبی و ململانێی حزبی و نائارامی لەو شارەدا.

بۆیە لەسەر هەموو لایەك پێویستە، لەسەرووی هەموویانەوە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم و لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەرێگەی ئەو لیژنە پەرلەمانییەی تایبەت بەماددەی (140) کەلەچەند رۆژی رابردوو لەئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بریاری لێدرا، هەوڵەکانیان لەسەر حکومەتی عیراق (سەرۆکایەتیی کۆمارو سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران) کە وەك لەهەردوو کابینەکەی پێش خۆی بەئەنقەست خۆیان لەجێبەجێکردنی ماددەی (140) دەدزییەوە، هەروەها لیستەکانی تری ناو ئەنجومەنی نوێنەران کە بەشێکیان دەوری راستەوخۆیان لەسەر خراپبوونی بارودۆخی شارەکە هەیە، تاکو ئەو کێشەیە وەك پێشتر لەرێگەی بەکارهێنانی سیاسەتیی کات بەفیرۆدان و دواخستنی پرۆسەکەو تەواو نەبوونی لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا لەلایەن دژەکانی ئەو یاسایە کەشتێکی زۆر چاوەروانکراوە، چر بکەنەوە.

جێبەجێکردنی ماددەی (140) پێش ئەوەی مەسەلەیەکی دەستووری یان سیاسی بێت، مەسەلەیەکی چارەنوسسازە بۆگەلی کوردستان، بۆیە وەك چاوەروان دەکرێ لەگەڵ نزیك بوونەوەی کاتی جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە بارودۆخی ئەو شارە وەك چەند هەفتەیەك لەمەوبەر روو لەخراپی بکات، بۆیە پێویستە هەر لەئێستاوە هەمووومان خۆی بۆئامادە بکەین جا بەهەر نرخێك بێت، چونکە دڵنیاین بەبێ کۆسپ و ئاستەنگ ئەو کێشەیە ناچێتە پێشەوە، هەروەها دواخستنی بەهیچ شێوەیەك لەبەرژەوەندی کورددا نییەو جێبەجێکردنیشی زامنی ئاشتیو پێکەوەژیانە..

# بۆ هەنیەو هاوشێوەکانی

**مام جەوهەر**

کوردو پێشمەرگە ئەو دوو وشەیەن بەبەردەوامی لەلایەن دوژمنانییەوە هەرماوەیەی بەناوێك تاوانبار دەکرێن، جارێکیان بەجوداخواز، یان پیاوی ئیسرائیل و کوردستان بەئیسرائیلی دووەم ناودەبەن، کە لای ئەوان جوداخواز بەمانای تێکدەرو دژ بەهەموو بنەمایەکی مرۆڤایەتیی دەگەیەنێ.

ئەگەر چاوێك بەنووسراوە بەناو مێژوو نووس یان وەك خۆیان دەڵێن گەریدەکانیاندا بگێرین بەروونی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ئەوەی ئێستا هەندێ شۆڤێنیست و ناسیونالیستی عەرەبی بەچەپ و راستیانەوە دەیڵێن هەمان ئەو بۆچوونە سەقەت و نابەجێیانەن کە بەدرێژایی مێژوو گەلی کوردیان بەنەوەی جنۆکەو بەرگری کاری ئەو نەتەوەیە (پێشمەرگە)یان بەدرندە ناوبردووە.

ئیسماعیل هەنیەی سەرۆك وەزیرانی فەلەستین و سەرکردەی یەکێك لەو رێکخراوانەیە لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە سەرەرای ئەوەی رێکخراوەکەیان(حەماس) دەنگی یەکەمی دەنگدەرانی فەلەستینی لەهەڵبژاردنەکاندا هێناوە، بەڵام ئەو رێکخراوە بەئێستاشیەوە یەکێکە لەوحزبانەی لەلیستی رەشی تیرۆری نێودەوڵەتیدان.

هەفتەی رابردوو ناوبراو لەبەردەم جەماوەری بەشمەینەتی فەلەستینی، لەلێدوانێکی ئاگرین و حەماسی و حەماسەت ئاسای ئیسلامیانەی خۆی، پێشمەرگەی بەجەردەو مافیاو تاڵانکارو ..هتد ناوبرد، هەرچەندە هەڵوێستیی کەسێکی وەکو هەنیەو جۆرەکانی بەتایبەتی کە خۆی یەکێکە لەسەرکردەی ئەو رێکخراوەی تائێستاشی لەگەڵدابێ کەدەسەڵاتی گەلی فەلەستینی پێسپێردراوە، جگە لەزمانی کوشتن و برین و پەروەردەکردنی مناڵان و هەرزەکارانی فەلەستینی بۆ خۆتەقاندنەوە، هیچی تری لی چاوەروان ناکرێ..

لێرەدا جێی خۆیەتی رووی دەممان بکەینە هەنیەو بپرسین، ئایا لەوکاتەوەی بەرپرسیاریەتی گەلی فەلەستینی لەئەستۆگرتووە، کێشەکانی گەلی فەلەستین بەتایبەتیش لەوکاتەی ئەوان لەهەڵبژاردنەکان دەنگی زۆربەیان هێناوە، پێشمەرگەیە، یان دابینکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی فەلەستینە؟.

ئەو پێشمەرگە بەجەردەو مافیاو تاڵانکەر ناودەبات، ئایا هەنیە چاوی کوێرە لەبەرامبەر ئەو هەموو کارە تیرۆریستیانەی وەك خۆیان ناویان لێناوە(مقاوەمەی عیرقی)، کەتەنیا لەلایەن رێکخراوەو گروپە هاوشێوەکانی (حەماس)ی حزبەکەی!! رۆژانە بەدەیان کەس لەلایەن برا عەرەبە موسڵمانە چاورەشەکانی پارێزەرانی رۆژهەڵاتی ئومەی عەرەبی، بەرامبەر بەیەکتری بەدرندانەترین شێوە کەتەنیاو تەنیا لەمێژووی رەش و بەربەریەتی ئەو گەلەی ئەواندا بەدرێژایی مێژووی تاڵان و سەربرین و ئەنفال و ئەتککردن و بەرامبەر بەگەلانی سڤیلی ناوچەکەو تاکار گەیشتۆتە ئەوەی لەکاتی دەست بەتاڵی و بێ کاری بەربونەتە گیانی یەکتری، ئایا هەواڵی رۆژانەی ناو عیراقی عەرەبی هەستی نابزوێنێ کەبرا موسلمانەکانی (عەرەبی شیعە– عەرەبی سوونە)، تەنیا لەسەر ناوی( عەلی، عەمەر، عوسمان، فاتیمە.. هتد) بەدرندانەترین شێوە سەریان گۆشاوگۆش دەبردرێ، کەتەنیا ئەو جۆرە کوشتنە لەفەرهەنگی رەشی ئەواندا بینراوە.

لەکۆتایدا پێم باشە هەنیەو هاوشێوەکانی لەجۆرە کوشتنێك ئاگادار بکەمەوە کەئەوە ئەوانن درندەو جەردەو مافیا نەك کوردو پێشمەرگەی کوردستان.

هاورێیەکم لەماوەی رابردوو بەهۆی نەخۆشی کەسێکی نزیکییەوە رێی دەکەوێتە یەکێك لەنەخۆشخانەکانی بەغدای پایتەخت!!! ئەو کارەساتەی بەچاوی خۆی بینیوەو وتی:

(یەکێك لەو کارەساتانەی لەیاد ناکرێن ئەوەیە.. کەسێکی کوژراویان هێنا درندایەتییەکە هەموو سنوورێکی مرۆڤایەتیی بەزاندبوو، دوای ئەوەی ناوبراو لەگەڵ منالێکی بچوکی دەگیرێ و دەکوژرێ درندە ئاسا سکی کوژراوەکە هەڵدەدرن و منالە بچوکەکەی دوای ئەوەی دەیکوژن و دەیخەنەوە ناوسکی باوکی و ئینجا دەیدورنەوە).. ئەمەیە درندایەتی..!!!

# دادگایی کردنی سەدامی دیکتاتۆرو لێبوردن بۆ تیرۆرستان

**م. عوسمان کۆنفۆ**

لە دوای پرۆسەی ئازاد کردنی عێراق و دەستگیر کردنی سەدام و پەلکێشکردنی بۆ بەردەم دادگا، هەروەك دەبینین رۆژانە دەستی تیرۆریستان خوێنی دەیان و سەدان هاووڵاتی بێگوناه بەناهەق دەرێژن، لەکاتێکیشدا کە تیرۆرستێك دەستگیر دەکرێت، پاش چەند مانگێك بەناوی چاکسازی کۆمەلایەتییەوە ئازاد دەکرێت.

گەر ئاورێك لەرابردوو بدەینەوە، وتە نابەجێکانی سەدامی عۆجە بهێنێتەوە یادمان کە لەبەردەم میدیا (ناوخۆیی و جیهانییەکان) رایگەیاند؛ گەر ئەوان لەسەر دەسەلات لابرێن، ئەوا شەری کۆلان و تایەفەگەری و ئاینی لەدوای خۆی بەجێ دێلێ و عێراق دەکاتە کەلاوە.. .

دەباشە بایاسا سەروەر بێت و مافی مرۆڤیش پارێزراو بێت، کە رێگە نادات تاوانباران لە سێدارە بدرێن، هاوکات بائێمەش لێرەوە چاو لەیاسای (وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا) بکەین کە یاسای لەسێدارەدان لە هەموو ولایەتەکاندا قەدەغەیە، بەلام ولایەتێکی ئازاد کردەوە لەرووی یاساییەوە بۆ سزای لەسێدارەدان بەرامبەر بە تاوانباران. دەبا لە عێراقی دیموکرات و فیدرالیشدا هەمان یاسا پەیرەو بکرێت بەرووی تاوانباراندا، بەتایبەتی سەدام و داروودەستەکەی و ئەو تیرۆرست و دزو جەردەو کاسەلێسانەی خوێنی (182000) ئەنفالکراوو (5000) شەهیدی کیمیایی شاری هەڵەبجەی و (8000) شەهیدی بارزانی و هەموو قوربانیەکانیتر کە بەدەستی ئەو رژێمە ئەنجامدراون جێبەجێ بکرێت..